# ئایە 'ئابێ'ی لاتینی زمانی کوردی تێر دەکا؟

زۆرجاران کەسانێک (کە لەوانەیە هەر سەریان لە ڕێنووس دەرنەچێ) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تیپی ئارامی (کە لە نەزانییەوە پێیدەگوترێ عەرەبی) بۆ ڕێنووسی کوردی لەبار نیەو باشترە کە بە پیتی لاتینی بنووسرێ، بەڵام تەواو پێچەوانەیە، چونکە ئەم ڕێنووسەی کە هەنووکە کوردانی باکوور پێیدەنووسن کێماسی یەکجار زۆری تێدایەو لەتوانای دانیە کە هەموو پیتەکانی کوردی بە دروستی وەکخۆیان گۆبکرێن. با سەیری ئەم دەنگانە بکەین:

- ئەگەر بە تیپی ئارامی بنووسرێ: **ئاو، ئاگر، دار**

دەبێ بە تیپی لاتینی بنووسرێ: **Aw, Agir, Dar**

لێرەدا دەپرسم: ئایە '**ئا**'ی **ئاو** و **ئاگر** لەگەڵ '**ا**'ی **دار** وەکیەک گۆ دەکرێن؟

- لە ڕێنووسی ئارامیدا پیتەکانی '**ئ**' و '**ە**' لەیەکتر جیاوازن. بۆ نموونە بە پیتی ئارامی دەنووسرێ: ئەز

کەچی بە پیتی لاتینی دەنووسرێ: Ez

بە ئارامی دەنووسرێ: **وەرە** کەچی بەلاتینی دەنووسرێ Were

ئایە (e) لە **ئەز** و لە **وەرە** وەکیەکن؟

- پیتی '**ی**' و '**ی**' لە تیپی ئارامی بە یەکجۆر گۆ دەکرێن، بەڵام لە تیپی لاتینیدا بە (Î, Y) دەنووسرێن و یەک هێمایان نیە.

ئەگەربە تیپی ئارامی بنووسین (**یار** و **دیوار**)، دەبێ بەلاتینی بنووسرین (Yar u Dîwar)ئایە ئەو دوو '**ی**'یە وەکیەکن؟ باشە ئەگەر وەکیەکن بۆ دوو شێوەی جیاوازیان هەیە؟

- له ئارامیدا 'یـ' و 'یٚ' بەیەکجۆر گۆ دەکرێن، بەڵام لە لاتینی بەدوو شێوەیە، بۆ نموونە ئەگەر بە ئارامی بنووسین:
ئێوارە دادێ، دەبێ بەلاتینی Êware dadê ئایە ê ئێوارەو ê دادێ، لە گۆکردندا یەکدەنگیان هەیە؟
- پیتی 'ئـ' لە ئارامی هەیە و لە لاتینی کردوویانە بە (i) ناویان ناوە بزرۆکەو ناخوێندرێتەوە، کەچی لە هەندێ شوێندا دەخوێنرێتەوە. ئەگەر بە پیتی ئارامی بنووسین: ' ئنجاس' لە لاتینی دەنووسرێ (incas)، بەڵام ئەگەر بە ئارامی بنووسین : من، دەبێ بە لاتینی بنووسین: ( Min )، سەیرەکە لەوەدایە (i) لە (incas) دەخوێندرێتەوە کەچی لە (Min) ناخوێندرێتەوە!

ڕاستیەکەی ئەو بزرۆکەیە کێشەی زۆری دروست کردووە، ئەوانەی خۆیان بە زمانزان دەزانن، پێیانوایە کە دوو پیتی بێدەنگ نابێ بەدوای یەکدا بێن! بۆیە دەڵێن دەبێ وشەی دڵ بە (Dil) بنووسرێ! لە نووسینی 'دڵ' دوو هەڵە دروست دەبێ، یەکەمیان (i) زیادەیەو دووەمیش (L ) جێی 'ڵ' ناگرێتەوە.

نازانم لە کوێوە هێناویانە کە نابێ دوو وشەی بێدەنگ بە دوای یەکترەوە بنووسرێن؟ لە زمانی ئەڵمانی دەنووسرێ (Strauch) کە سێ پیتی بێدەنگ بەدوای یەکەوە هاتوون، هەروەها لە زمانی سویدی دەنووسرێ ( Skolan) واتە دوو پیتی بێدەنگ بە دوای یەکدا هاتوون و کێشەشیان دروست نەکردووە.

- پیتەکانی (Î و Ê و O) کە بەرانبەر پیتەکانی (ی، یٚ، ۆ) جێیان گرتووە، ئەگەر لە دەستپێکی وشەدا هاتن بە (ئی، ئیٚ، ئۆ) گۆدەکرێن، واتە بە ئارەزووی خۆیان تەڕاتێنێ لەنێو وشەکاندا دەکەن، ئەمەش نەک هەر ڕاست نیە، بەڵکو هەڵەیەکی ئاشکرایە.

لە ئارامیدا پیتەکانی ( ر، ڕ) هەن، کەچی لە لاتینیدا بەس (R ) هەیە , ئەمەش واتای وشەکان تێکدەدا. بۆ نموونە چۆن جیاوازی لەنێوان

'**کەر** و **کەڕ**'، '**کوور** و **کووڕ**' دەکریٚ؟ چونکە دەنووسرێن ( Ker و Kûr ). ساڵی پار میوانێکم هەبوو، پێداگری لەسەر ڕێنووسی لاتینی دەکرد و دەیگوت: **هەر دەبێ** کورد بە پیتی لاتینی بنووسێ. منیش گوتم من دژ نیم، بەڵام دەبێ پیتەکان چاک بکرێن، ئەو موکڕ بوو لەسەر نەگۆڕینیان، ناچار ئەم ڕستەیەم بە لاتینی بۆ نووسی و داوام لێکرد کە بیخوێنێتەوە (Ez ker im!)، بەڵام ڕستەکەم داپۆشی بوو، لەلای ڕاستەوە وشەکانم پیشاندا، ئەویش وای خوێندەوە: ئم کەر ئەز. پاشان هەموو ڕستەکە بە دیار کەوت و لە قاقای پێکەنینی دا. گوتم براکەم دەبێ وا بنووسرێ (Ez kerrim) بەم ڕستەیە باوەڕی هێنا کە دەبێ دوو جۆر ( R) هەبێ. کەواتە دەبێ لە لاتینی هێمایەکی دیکە بۆ (ڕ) دروست بکرێ.

- داخی گرانە کە لە پیتی لاتینیدا هیچ پێوانەیەک بۆ (**ر، ڕ**) و (**ل،ڵ**) نەکراوە. لەنووسیندا '**کەر** و **کەڕ**' وەکیەک بە( ker) دەنووسن، '**گڕ** و **گر**' وەکیەک بە(Gir) دەنووسن. ئەمانە و دەیان وشەی دیکە.
- بمانەوێ و نەمانەوێ هەنووکە لە زمانی کوردیدا هەردوو پیتی (**ح، ع**) هەن و لەنێو وشەگەلێکدا جێی خۆیان گرتووە. هەروەها پیتی (**غ**) هەیە، کەچی هەندێکی وەک **جەلادەت بەدرخان** هەر هیچ نرخێکیان بۆ ئەو پیتانە دانەناوە. هەندێکی دوای ئەوان هاتوون لەجیاتی (**ح**) پیتی (H`) و لەجیاتی (**ع**) چوکلەی (') یان بۆ داناوەو لەسەر وشەکان دادەندرێن. هەندێکی دیکە لەجیاتی پیتی (**غ**) هاتوون (X`) و هەندێکی دیکە (G`) دەنووسن، نازانین کامەیان ڕاستەو کامەیان هەڵەیە؟
- هەندێکی دیکە تەنیا چوکلە بۆ (**ح، ع**) دادەنێن، ئەگەر بنووسن ئەحمەد، ئەوان دەنووسن (E`med)، ئەگەر بنووسن عومەر، ئەوان دەنووسن (U`mer )، ئەگەر بنووسن (عید) ئەوا دەنووسن (I`d) ڕاستە هەر سێ وشەکە لە عەرەبییەوە هاتوون، بەڵام لەنێو زمانی

کوردیدا هەن و دەکار دەکرێن، هەروەها دەیان وشەی دیکەش هەن لە وێنەی 'حەمرین، حەوز، حەز، ڕحان، حەلوک، تەسبیح، عەور،عەلوک، داعیران و...'

- پیتی (**و**)ی ئارامی لە لاتینی (U و W )ی بۆ دانراوە. ئیدی بە گوێرەی پیتی دەنگدارو بێدەنگ دەنووسرێن. ئەگەر بنووسن ( **ئاو** یان **وار**) ئەوە دەنووسن (War , Aw)، بەڵام ئەگەر بنووسن ( **کول** یان **چوزەلە**) ئەوان دەنووسن (Kul و Çuzele )، ئەمەش ئاستەنگ بۆ منداڵ و فێرخواز دروست دەکا، ڕێیان لێ ون دەکا و بارەکەیان لێ گرانتر دەکا.
- پێشتر ئاماژەم پێکردبوو کە (Î)ی دەستپێک و ناوەڕاست وەکیەک گۆ ناکرێن، بۆ نموونە: ئەگەر ئەم ڕستەیە ( ئیتر یارمەتیم بدە) بە پیتی لاتینی بنووسین، دەبێ بە:Îtir yarmetîm bide

ئایە ( Î ) ئیتر هەمان (Î ) یارمەتییە؟ ئایە ئەمە کاراسانی دەکا یان بارەکە قورس و لاسەنگ دەکا؟

برادەرێکی خۆشەویست کە گوایە ڕەخنە لە پیتی ئارامی دەگرێ کە هەنووکە بۆ کوردی نووسین گونجاندراوەو نووسیویەتی وشەی **مریشک** بەرانبەر (Mirîşk)ە، بەڵام ئەوەی ئارامی هەڵە دەخوێندرێتەوە! من نازانم کامەیان دڵەڕاوکێ لە خوێندنەوە دروست دەکەن! ئەوەی بە پیتی ئارامی نووسراوە یان ئەوەی بە پیتی لاتینی نووسراوە! منداڵێکی یەکی سەرەتایی ئەگەر بە پیتی ئارامی بخوێنێ بەبێ گرێ وشەی مریشک دەخوێنێتەوەو بەباشی گوێ دەکا، بەڵام لەوانەیە مندڵێک کە بە پیتی لاتینی دەخوێنێ ئەگەر وشەی(Mirîşk)ی بۆ بنووسیت، لەوانەیە ئاڵۆزی بکا و بە **میریشک** بخوێنێتەوە.

هێشتا گەلێک لایەنی دیکەماوە کە قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام مخابن خەریکن بەبێ لێکدانەوە ڕێنووسی کوردی دەشێوێنن و دەیانەوێ بەبێ

ئەوەی دەستکاری پیتەکانی ئێستای لاتینی بکرێ، یەکسەر کوردی پێبنووسین!

**لە دویماهیدا دەڵێم**: ئەگەر زمانزانان دەستکاری پیتەکانی لاتینی بکەن و بۆ گۆکردنی وشەکانی کوردی بیسازێنن، زیانی نابێ ئەکەر بکرێ بە ڕێنووسی کوردی، بەڵام دۆز و بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بە ڕێنووسەوە نەبەستراوەتەوە. ئەوەتە نەتەوەکانی وەک 'گورج، بەنگلادیشی، ئیسرائیلی و چینی' ڕێنووسی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە جیهانیش دانەبڕاون.

ڕاستیەکەی ئەگەر نەتەوەو زمانێک پیتی تایبەتی خۆیان هەبێ، یان بە لاتینی و ئارامی بنووسن، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ. هەنووکە لە باشوورو ڕۆژهەڵات بە پیتی ئارامی دەنووسرێ، واتە عەرەب و فارس دەتوانن بەشێکی لێ بخوێننەوە، بەڵام تێی ناگەن، هەروەها ئەگەر بە پیتی لاتینیش بنووسین، گریمان ئینگلیز و ئەڵمانی و ئەوانی دیکە بتوانن بخوێننەوە، بەڵام خۆ هیچی لێتێناگەن!

تەنانەت ئەگەر کورد ئاوڕێک لە رابردووی خۆیشی بداتەوە و یەکێک لە **'ئابێ'** دێرینەکانی میزۆپۆتامیا بگێڕێتەوە، لەوانەیە تا بەسەر پێ دەکەوێ هەر هێندەی گۆڕینی بۆ لاتینی کێشەو گرفتی بێتە ڕێ و ئاستەنگی بۆ دروست ببێ. من پێداگری لەسەر هیچ ئابێیەک (ئەلفبا) ناکەم، گرنگ ئەوەیە بە ڕاست و دروستی بنووسرێ، واتای پەیڤ و ڕستەکان نەشێوێندرێ و ناشیرینیان نەکا.

هیواخوازم زمانزان و دڵسۆزانی زمان شێلگیرانە لەسەر ئەم بابەتە دانوستاندن بکەن و ڕێچارەیێک بدۆزنەوە.